
# «مێژوو» لەنێوان هیگڵ و نیچەدا[1]

(گۆلکی سامریی "مێژوو" و هێزی باڵادەستی "ژیان")



[1] نوسینی "بیتا نقاشیان": مجله اندیشه سوره. وەرگێڕانی **وریا ئەحمەد**.

کانت بەرمەبنای بوونێکی نامێژوویی، "فەلسەفەی تێگەیشتن"ـی بەرجەستەکرد، لێ هیگڵ بە هێنانەناوەوەی چەمکی "کات"، "فەلسەفەی تێگەیشتن"ی بۆ "فەلسەفەی ڕۆح" و "میتافیزیکی مێژوویی" گۆڕی.

کانت لە سرووشت و هیگڵ لە مێژوودا، "ناواخنی عەقڵ"یان جێکەوتکرد. فەلسەفەی مێژوو، ناواخن و کرۆکی "عەقڵ" ڕووندەکاتەوە، عەقڵێک وا بەسەر جیهاندا فەرمانڕەوایە و، لەڕوانگەی هیگڵدا، ناواخنی عەقڵ، هەر هەمان کرۆکی مێژووە[1]. ئەو، ئارمانجی مێژووی هاوڕەوتی "عەقڵ"، دەخاتە ناو هەناوی "کات"ی دیرۆکییەوە[2]، وەلێ لە بن و بێخەوە مێژوو بە کرۆکی مانای "پێشڤەچوون" دەناسێنێت. لە چێوەی دەستگای فیکریی وی‌دا، تاکەکان ئامرازەیلێکن بۆ پێشڤەچوونی مێژوو و هەروەتر، قوربانیی پێویستییەکی باڵاترن کە "ڕۆحی جیهان"ـە و، ئەم ڕۆحە مل بە هەموو شتێک دادەنەوێنێت. بزاڤێک، کە "جیهان وەک **گشت**ێکی یەکپارچە" دەگرێتەوە. هیگڵ بە دانیشاندنی مێژوو لەسەر عەرش و بە مشتومالکردنی مەزنی میتافیزیکی مێژوویی بەرمەبنای بیرکردنەوەی چەمکییانە[3]، لە سەرتاپای سیستەمە فیکرییەکەیدا، هەڵدەستێت بە کەمنرخاندن و نکۆڵیکردن لە تاک، پرسی ڕوون، پرسی بەشەکی و هەنووکەیی، ئەویش لەسەر پایەی بیرکردنەوەی ئارمانجمەندانە(تێفیکرینی غایەتمەندی). ئەو مێژووەی ئاسۆی بینینی هیگڵی داپۆشیوە، مێژوویەکە، سەرانسەر پلەی پێشکەوتنی ناچارییە بۆ گەیشتن بە ئاکام و ئەوپەڕی پەرەسەندن وەک کۆیەکی گشتگیر. لەگەڵ دەرکەوتنی قوتابخانەی بازل_بۆکهارت[4]، نیچە و دیلتای[5]، و بە سەرهەڵدانی قەیرانی فەلسەفەی مێژوو، گورزی بێخ‌کوت بەر پەیکەری میتافیزیک بە مانا گشتییەکەی، فەلسەفەی هیگڵ و میتافیزیکی مێژوویی کەوت.

---

[1] "گنجانیده"(ناواخن)، کەم‌وزۆر هاوواتای واژەی "محتوا"(ناوەڕۆک)ە. وەلێ لە باسوخواسە وردکۆڵە فەلسەفییەکاندا، مانایەکی جیا لە مانی (ناوەڕۆک)ی هەیە. بۆیە ئەم واژەیە لێرەدا بە مەبەست بەکاربراوە و واتاکەی ئاوهاییە کە لە کن هیگڵ ناوڕۆک و بێخ و مانای عەقڵ، هەرهەمان ناوەڕۆک و بێخ و مانای مێژووە.

[2] هیگڵ، پرسی مێژوو بەسەر زەمەنی مێژووییدا دەگونجێنێت و عەقڵ بە پرەنسیپی پێشبینیی لۆژیکیی و غایەتی ڕەهای مێژوو ئەژماردەکات.

3. Conceptual thinking.

4. Carl Jacob Christoph Burckhardt (25 May 1818 – 8 August 1897).

1. Wilhelm Dilthey (1911-1833).

له کن فریدریک نیچه (١٨٤٤_١٩٠٠)، ئەوی وا بەڕەسمی وەک دۆزەرەوەی "مۆدێرنە" ناسرا[1]، مرۆڤی مۆدێرن، "غەریزەی خۆی پایەماڵ و ونکردووە" و "کەنارخستنی غەریزە لەڕێگەی مێژووەوە، کەموزۆر ئادەمیزادەکانی گۆڕیوە بۆ تارمایی"، بۆ کەسانی دەمامک بەدەستی بیچمگۆڕاو، بوونەوەرانی هاوشێوە و نائازاد، بۆ "ڕەگەزێک لە خەساوان... پارێزەرانی حەرەمسەرای جیهانیی مەزنی مێژوویی"، بۆ بەدگۆڕاوانی دیرۆک، "بۆ کەسانێک، کە نە ژنن، نە پیاو و نە تەنانەت نێرەمووکیش"، بۆ "هەمیشە نەزۆکەکان"، کەسانێک کە "شتانێکی ترن، مرۆڤ نا، خودا نا، ئاژەڵ نا، بەڵکو لەڕوانگەی مێژووییەوە، بیچم و قەڵافەتگەلی مشتوماڵکراو کە لە سەرتاپێ، شێوە، وێنە، قاڵبی بێناوەڕۆکی جێگاسەرنجن و جەخار بەدبیچم و، هەروەتر هاوبیچمن". "لە وەها جیهانێکی پڕ لە هاوشێوەیی ڕواڵەتیی داسەپاو"دا، نیچە، پەروەردە و زانست و دەوڵەتی مۆدێرنی بن سێبەری میتافیزیکی مەزنی مێژوو، بەر ڕەخنەی کەمەرشکێن دەدات.[2] ئەو جیهانە مۆدێرنەی وا تێیدا بە پێشەوایەتیی ڕۆشنگەری، "بچووککردنەوە و ملکەچپێکردنی مرۆڤەکان، وەک "پێشکەوتن" پەسن دەدرێت و بابەتێکی خوازراوە."[3]

نیچە لە سیاقی (سود و زیانی مێژوو بۆ ژیان)دا[4]، ڕووی ڕاستینی مەعریفەی مەزنی مێژوویی سەردەمیانە _مەبەست سەردەمی ڕۆشنگەری و دواترە_ هەڵدەماڵێت، کە بە دیدی وی بەتایبەت ئەم مەعریفەیە لای ئەڵمانەکان ڕوون و مشتومڕهەڵنەگر بووە، ئەمەش، ڕەخنەیە لەپێناو "هەڵکشانی ئاستی مەعریفەی گشتیی و ڕاستکردنەوەی چەوتییە باوەکانی سەردەم"؛ ئاخر نیچە، ئەوی وا سەردەمەکەی وەک کولتورێکی مێژوویی پێوەیان دەنازی، بە "کەمایەسی و لاوازی و خەوش"ی دەزانی.

---

[1] توێژەرانێکی زۆر بە دەستەواژەی "دۆزەرەوەی مۆدێرنە"، یادی نیچە دەکەن، بۆ نموونە بنۆڕنە "کارل لویس(Karl Löwith)؛ لە هیگڵەوە تا نیچە... "

[2] ن.ک: سودمندی و نا سودمندی تاریخ. نیچە .ص: 52-60.

4. Nietzsche,Nachlass,Werke,VO1 XIV, Leipzig 1904.P: 235.

نیچە ئەم ڕستەیە لەبەرانبەر ئەو وتەیەی هیگڵدا دەنووسێت، وا دەڵێت: "تاکەکان لە مێژووی جیهاندا، بە حوکمێکی گشتیی دەخرێنە ناو کاتیگۆری "ئامراز"ەوە. تاکەکان ئامرازی پێشکەوتنی مێژوو و قوربانیانی پێویستییەکی باڵاترن."

[4] Advantage and Disadvantage of History for Life، بە ئەڵمانی (Von Nutzen und Nachteil der Historie fur das Leben)، پاژی دووهەمی پەرتووکی (تێڕامان ناوەختەکان)ە.

گەرچی جاکۆب بۆرکهاتی هاوڕەوت و هاوسەردەمی، قەدەرێک پێش وی، "ڕێژەگەراییی کەلتوری"[1] لەبەرانبەر "دۆگمای بەردەوامیی مێژوو"دا جێکەوت دەکات، وەلێ نیچە لە بێخەوە "مێژوو" وەک پوولی پێچەوانەی "ژیان" وەبەر ڕەخنە دەدات و، بۆ بەرگریکردن لە "ژیان"، لەهەر گۆشەیەک کە مێژوو وەدووی نکۆڵیکردن بێت لە "ژیان"، نکۆڵی لە مێژوو دەکات. **خاڵی وەرچەرخان و چەقی بارستاییی ئەندێشەی وی، بە جۆرێک بریتییە لە لێکدژیی نێوان "ژیان" و "مێژوو".** گەرچی کولتور بە هێند وەردەگرێت و لە (سود و زیانی مێژوو)دا دەنوسێت: خەریکبوون بە مێژووەوە، تەنیا ئەویدەم سودبەخشە، کە لە خزمەت بکەرێکی ژینبەخشی بەهێزی چون کولتورێکی فراژووبووی پڕ لە ئومێددا بێت، واتا بە تەنێ ئەوکات بەسوودە، کە لەژێر چاودێریی هێزێکی باڵاتردا ئاراستەبکرێت و خۆی ئاراستەکەر و بەڕێوەبەر نەبێت؛ بەڵام کولتور بۆ نیچە کولتورێکە، لە هەناوی ژیانەوە نەشونمابکات و بپشکوێت.[2] نیچە دەخوازێت ژیان لەژێر باری سەنگینی مێژوو ڕزگاربکات. بە دیدی وی، بەرگەگرتنی قورساییی ڕابردوو، ئادەمیزاد فێری فرتوفێڵ و تەڵەکەبازی دەکات و چەشنی **"**مەینەتییەکی نادیار و نەگریس**"**، دەستوپێی دەبەستێتەوە. نیچە، بوونی مرۆڤ وەک پەیامێک دەبینێت و مامەڵەی دەکات و، بەسادەیی پەیامەکەیش بە "پەیامی ژیان" دادەنێت.[3] هەموو ئەوەی نیچە دەخوازێت بیبێژێت، ئەمەیە: **"**ئادەمیزادگەل دەبێت فێرببن بژین و مێژوو بە تەنێ بخەنە خزمەت ئەو ژیانەی، وا فێری ئەزموونکردنی بوون.**"**[4] لەڕوانگەی نیچەوە، مێژوو لەبەرانبەر ژیاندا، **"**گۆلکەکەی سامری**"**یە.[5]

بۆ ئەو، گەرچی ژیان حەوجەی بە ڕاژەی مێژووە، زێدەڕۆییکردن لە مێژوونووسیندا، دوژمنی ژینە. لای نیچە **"**تەنیا تا ئەوی دەم لە خزمەتی مێژوودایین، کە مێژوو لە ڕاژەی ژیاندا بێت**"**[6] و

---

6. Cultural relativism.

[2] ن.ک:سودمندی و ناسودمندی تاریخ. نیچە.ص:110-116و ص:25.

[3] پیتر زگفرید پرویس(استاد لت بریج. 1939). مقدمەی متن انگلیسی کتاب سودمندی و ناسودمندی تاریخ. (مانای کتومتی ڕستەکە وەهایە: پەیامی مرۆڤ، ژیانە.)

[4] سودمندی و ناسودمندی تاریخ. نیچە. دیباچە .ص:111.

[5] نیچە بە مەبەست ئیدیۆمی (گۆلکەکەی سامری) بۆ مێژوو بەکاردەبات. وەکبڵێی بیهەوێت ئەوە پیشانبدات کە چۆن پەرەستنی گۆلکەکەی سامری لە بری خودا، لادانێکی ئابرووبەرانە بوو، ئاوهاییش بەهێندوەرگرتنی مێژوو لەبری ژیان، کارێکی لادەرانەیە. بروانە پەراوێزی کۆتایی نوسینەکەش*

[6] هەمان دیباچە .ص: 12.

و "مێژوو تا ئەو کاتەی لە ڕاژەی ژیاندا بێت، خزمەت بە هێزێکی نامێژوویی دەکات."[1]بەگوێرەی پێوابوونی وی، بە زێدەگۆیی و زێدەڕۆییکردن لە زانستی مێژوودا، ژیان و سەرئەنجام خودی مێژوویش دادەپووکێن. وی، ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی پەیوەستبوون بە دیرۆکەوە پۆلێنبەندی دەکات، تاکو سۆراخی "بەڵێکردن بۆ ژیان" بکات و هاوکاتیش، گشت ئەو ڕەهەندانە بەر ڕەخنە و تانە دەدات. بە پێی ڕوانینی نیچە، مێژوو پێش هەموو شتێک، هیی مرۆڤی چالاک و بەهێزە. مرۆڤێکی تێکۆشەر، کە لە گێژاوی جەنگە مەزنەکاندا، پێویستی بە ڕێنوێن و چاوساغە. لێ لەنێوان هاوسەردەمەکانیدا، وەها کەسێک نادۆزێتەوە. نیچە لە نموونەیەکدا دەنووسێت: "بەمجۆرە مێژوو هیی شیلەرە[2]، ئاخر سەردەمی ئێمە، بە وتەی گۆتە، هێندە سەردەمێکی خراپە، کە شاعیر لە بازنەی ژینی دەوروبەری خۆیدا، هیچ سەرچاوەیەکی ئیلهام نادۆزێتەوە."

بە بۆچوونی نیچە، کە کەسێک دەخوازێت شتێکی مەزن بئافرێنێت، تەنانەت گەر نەختێکیش پێویستی بە ڕابردوو بکەوێت، دەبێت ئەو ڕابردووە لە ڕێگەی مێژووی "مەزنێتیی"یەوە ئەزموون بکات. دیرۆکی گۆڤان(گێڕەرەوە)ی بەسەرهاتی مەزنان و بەهێزان لە کن هیرۆدۆت و تۆسیدید، لەم چەشنەیە. لەم چەشنە مێژووەدا، هێزی داهێنەرانەی ژیان دەگەڵ کردەی کەسیی و ڕێگەدۆزیی ئەزموونییدا ئامبازی یەکتر دەبن و، هاتنەبوونی مرۆڤی مەزن، کە چێوەی ژینە، دەڕسکێنن. ڕاستییەکەی لێرەدا، مێژوو، وەک بەرژوەندییەک وەهایە، کە سوودی لێ دەبینرێت. وەلێ "نابێت "مەزنێتی" دەرفەتی گەشەکردنی بۆ بڕسکێت"، ئاخر لەبەرانبەر زەرورەتی "ئەبەدییەت"ی مەزناندا، هەموو شتێکی زیندوو بانگی "نەخێر"ی لێ بەرز دەبێتەوە. لە لایەکەوە، مێژووی "مەزنێتی" "هەمیشە هەڵدەستێت بە لێکنزیککردنەوە، گشتاندن و سەرئەنجام هاوتاکردنی جیاوازییەکان؛ و هەردەم لێکنەچوونی پاڵنەر و دەرفەتەکان نادیدە دەگرێت، تاکو بە بەهای "هۆ_علت"، "ئەنجام" مەزن پیشان بدات، واتا بە سەرمەشق و شیاوی لاساییکردنەوەی بزانێت" و کتومت لەبەر ئەم هۆکارە و بەوەدا کە "چەند پاژێک لە ڕابردوو بە پەراوێزخراویی و بێزراویی دەمێننەوە"، خودی ڕابردوو زەبری بەردەکەوێت و زیان دەکات. لە لایەکی دیکەوە،

---

[1] هەمان. نیچە.ص: 25.

1. Johann Christoph Friedrich (von) Schiller (1788–1805).

مادامەکێ ڕابردوو قابیلی لاساییکردنەوەیە و دەشێت دیسان پیادەبکرێتەوە، کەواتە ڕابردوو لەبەردەم هەڕەشەی "بەلاڕێدابردن"دایە و "واوەیلا بۆ ئەوێ ڕۆژێ وا نەشیاوان و هیچ-لەبارانەبووان هەژموونی بەسەردا بسەپێنن و لە بەرژوەندیی خۆیانی بەگەڕبخەن!" هەندێکجاریش مێژووی "مەزنێتی"، دەبێتە گۆشەی خۆبەتاڵکردنەوە و دەرهاویشتنی نەفرەتی کەسان لە سەردەمی خۆیان، کە ئەمەش لە میانی پەسندانی مەزنێتیی سەردەمانی ڕابردووەوە دەنوێنرێتەوە، ئەوێ کەسانێ وا هووتاف دەکێشن: "لێگەڕێ با مردووان، زیندووان دەفنبکەن."

جۆر یان پلەیەکی دیکەی مێژوو، بریتییە لە مێژووی "یادەوەرییانە"، دیرۆکێکە هیی "ڕۆحی ڕێزگر و پارێزەرە". ئەم مێژووە، پەیوەستە بە کەسێکەوە، کە دەخوازێت جەخت لە "نەریت" و "مەزنێتی" بکات و ئەوی وا لە ڕابردووەوە ماوەتەوە، دەپارێزێت و، خوازیاری پاراستنی ڕەوشێکە، کە کۆمەک بە گەشە و نەشونمای وی بۆ داهاتوو بکات، ئاوها کەسێک، بەمجۆرە دەیهەوێت خزمەتکاری ژیان بێت. ئەو، مێژوو وەک شمەکێکی گرانبەها دەزانێت، وەلێ لێرەدا "ئەوەی لادەرانە و هەڵۆڵ و پووچە، ئەوەیە ئا ئەم ڕۆحە ڕێزگر و پارێزەرەی "یادەوەری"، ئامبازی ئەم شمەکە دەبێت و لە دووتوێی ئەو هێلانەیەی لەوێدا دەیسازێنێت، تەواو هەست بە ئاسوودەیی دەکات و، ڕێز و بەهای خۆی بەدەست دەهێنێت. دیرۆکی شارەکەی لە کن دەبێت بە دیرۆک و بەسەرهاتی خودی خۆی. وی دیوار، بورجی ڕووچاڵ، فەرمانی ئەنجوومەنی شار و جەژنی نەتەوەیی، وەک ئەلبوومی وێنەکانی تافی لاویی خۆی ئەژماردەکات و لە هەموویاندا هەناسەی خۆی، هێزی خۆی، جیددییەتی خۆی، چێژی خۆی، داوەرییەکانی خۆی، گەمەژەیی و زەبروزەنگی خۆی دەبینێتەوە. وی بە خۆی دێژێت، لێرەکانێ دەکرا کەسێک ژیان بەسەربەرێت و دەیتوانی بژی و دەتوانێت بژی، ئاخر ئێمە پڕین لە وزە و بە شەوێک ڕیشەکێش ناکرێین و، بە گوتنی ئەم "ئێمە"یە، وی چاو دەبڕێتە ئەودیوی ژیانی زووگوزەر و ژینی کەسیی، و گیانی ڕەچەڵەک و نەژاد و شار فام دەکات. گاهگاهێ بۆ ڕۆحی نەتەوەکەی، وەک بڵێی ڕۆحی خۆیەتی، لەسەرووی سەدە دوورودرێژ، پێچەڵپێچ و تەمگرتووەکانەوە، درووود و سڵاو دەنێرێت" و "ئەمە سوومەندترین دێوانەییە، کە پشتئەستوورە بە ئامانجی هاوبەش". وەها ڕوانگەیەک سوودەکەی لەوەدایە، کە درەخت لە ڕەگەکەی و بەرەکەی خۆشنوود و ڕازی بێت. بەڵام ئەم

هەستوخوستە مێژووییە، "ژیان ناپارێزێت، بەڵکە مۆمیاییی دەکات" و بەمەش ئەوی وا تازەیە و گەشە دەکات، پایەماڵ دەکرێت و، مەرگی ئەم درەختە لە چڵ و لقوپۆپەکانییەوە دەستپێدەکات و دەگاتە سەر ڕەگەکەی. نیچە دەنووسێت: "مێژووی "یادەوەرییانە" ڕێک لەو چرکەساتەی وا مێژووی نوێی هاوچەرخ چیتر ژیان نادەڵێنێتە ناوییەوە و ئیلهامی پێ نابەخشێت، دادەپووکێت... ئەوی دەم ئادەمیزاد بینەری دیمەنی نەفرەتئامێزی شەهوەتی کوێری کەڵەکەکردن دەبێت. دیمەنی نەفرەتئامێزی کەڵەکەکردنی بێئامانی ئەوی وا سەروەختێک بوونی هەبووە." مێژووی یادەوەرییانە بۆ نیچە، لە باشترین دۆخدا، پارێزەری ژیانە نەک بەدیهێنەری. لە کن وی، سەنگیمەحەک بۆ هەڵسەنگاندنی مێژوو، پەیوەندیی مێژووە بە ژیانەوە. هەروەکو لەبارەی مێژووی "مەزنێتی"یەوە پێی وابوو، نیچە لێرەشدا وای بۆ دەچێت مادامەکێ مێژوو لە خزمەت ژیاندایە و ملکەچی پاڵنەرەکانی ژینە، ڕابردوو خۆبەخۆ تووشی زیان دەبێت. هەروەتر، بەپێچەوانەی مێژووی "مەزنێتی"، مێژووی "یادەوەرییانە" بە دیرۆکێک دەزانێت، کە پیاوی کردار لە پەلوپۆ دەخات و ئیفلیجی دەکات و " لە بەردەم بەهێزەکاندا کە دەخوازن ژیانی داهاتوو یەکلابکەنەوە، دەبێتە لەمپەر". ئەم ڕوانگە عەتیقەناسییانە بۆ مێژوو، ئەو "بەردەوامی"یەی وا لە ڕاژەی ژیاندایە، وەک بنەمایەکی ئایندە نا، بەڵکوو وەک ڕابردوویەکی پەتیی لەبەرچاوی دەگرێت و، ژیان تەنیا لەو ئاستەدا درک دەکات، کە بیپارێزێت و بیهێڵێتەوە.

بەڵام لە لووتکەی ڕەخنەکانی نیچە لە مێژوو، ئاڵنگاریی مەزنی وی لەگەڵ هیگڵ و دەستگا پان-وپۆڕ و پێچەڵپێچ و دوور و درێژەکەی فەلسەفەی مێژوو و میتافیزیکی شکۆمەندی مێژوو و دونیای مۆدێرنی ژێر سێبەری ئەم میتافیزیکە، بوونیان هەیە. نیچە، مێژوو لە پەیوەندییدا بە مرۆڤی مۆدێرن یان نوێگەرەوە پەلکێشی گۆڕەپانی ئاڵنگاری دەکات. سەرومڕ و ڕاستەوخۆ بە هیگڵدا هەڵدەشاخێت: "من گومان دەکەم لە پەروەردە و فێرکردنی ئەڵمانیی لەم سەدەیەدا، هیچ گۆڕانێکی مەترسیدار یان گۆڕانکارییەک لە گۆڕێدا نەبووە کە بەهۆی هەژموونی زیاد لە ڕادەی ئەم فەلسەفەیەوە، فەلسەفەی هیگڵیی، کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە، مەترسیدارتر نەبووبێت." و دەنووسێت: "لە دیدگای هیگڵدا، ترۆپک و کۆتاییی مێژووی جیهان هاوتەرازە بە

"بوون"ی بەرلینییانەی خۆی.[1]" نیچە لە بێخەوبنەوە "ڕۆژی دوایی و ترۆپک و کۆتایی و غایەتی جیهان"، ئەوی وا ئاگۆستین لە چێوەی "کات"ی گرت[2] و ڤۆلتێر بە "زەمینی"ی کرد و لە هیگڵ-دا بە دوندی خۆی گەییشت، بەر ڕەخنە دەدات و مەیدانی ئاڵنگاریی لێ دەگرێت. نیچە، کۆتاییی مەزندەکراوی مێژوو، ڕەت دەکاتەوە. وی، ئەو کەسەیە وا بیری "پێشقەچوون"، ئەو دیمەنی ڕوو لە بڵندایی‌یەی جیهان، بە بۆچوونێک ڕەت دەکاتەوە: "من هیچ ئامانجێکی باڵاتر لە وێرانبوون، بۆ ژیان شک نابەم".[3]

نیچە لەبەرانبەر فەلسەفەی مێژوودا سنگ دەردەپەڕێنێت و پێی وایە کاری ڕاستینی ئەم فەلسەفەیە، دەستنیشانکردنی حەقیقەتەکانی پەیوست بە ڕابردوو نییە، بەڵکە هەڕەشەکردنە لە ئادەمیزاد لە سای مێژوودا؛ مێژووی کە چالاکیی بوونەوەرێکی دیرۆکیی، ئەو مێژووەی وا ڕابردوو بە شێوازێک دەچنێت و کەڵەکەی دەکات، وەک بڵێی پێش‌زەمینەی داهاتوو بێت. "هەستی مێژوویی"، هەستێکە، "داخوڕماندنی" ئایندەی لێ دەکەوێتەوە. ئاخر بوونەوەران لەوەی وا ناوی ژیانە، دادەبڕێت.

لەم سۆنگەوە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیانەکانی مێژوو، لە کاتێکدا "مێژووی کلاسیک" هێزی "یادەوەری" بەسەر هێزی "فەرامۆشی"دا هەڵدەبژێرێت و جەختی لێ دەکات، نیچە باوەڕی وایە دەبێت بە هێزی "فەرامۆشی" بەرپەرچی یەخسیربوون بەدەست "یادەوەری" بدرێتەوە، بە چەشنێکی وا کە زەمینە بۆ "بوونبە../صەیرووره"ی ڕاستین بڕسکێت. "توانستی لەبیرکردن"فەرامۆشی"" یان بە دەربڕینێکی ڕوونتر "نامێژوویانە ژیان بەسەربردن"، خاڵی هاوبەشی نێوان بچووکترین و مەزنترین خۆشنوودییەکانە ئەوی‌دەم کە ژین بەردەوامێتیی

---

[1] سودمندی و نا سودمندی تاریخ. نیچە. ص:89- 88.

[2] قەشە ئۆگۆستین، کۆتایی و غایەتی دونیای زەمانمەند کرد و لە سیاقی کاتی هەڵکێشا. بەدیدی وی، خودا، بوونەوەرانی بەیەکجار و لە یەک جێگە و چون "تۆو"ێک داچاند(ئەم ئایدیایەی ئۆگۆستین لە بنەماکانی "تۆو"ی ڕەواقییەکانەوە هەڵگۆزراوە)، وەلێ دواتر بوونەوەران لەماوەی شەش ڕۆژدا پەرەیان‌ستاند و بە ترۆپکی شایستەی خۆیان گەییشتن. ئۆگۆستین، ئادەمیزادی لە مێژوودا جێکەوتکرد و مێژوویشی بە مەیدانی ویست و (مەشییەت)ی خودایی زانی. ڕۆژی حەفتەمی، "ڕۆژی ئاسوودەیی و ڕزگاربوون"، لە دەرەوەی مێژوو دانا.

[3] همان. نیچە. ص104.

بەخۆوە دەگرێت.[1] لەکن نیچە سەروەختێک ئادەمیزاد دەڵێت: "لە یادمدایە"، ئیرەیی بە ئاژەڵ دەبات و دەپرسێت باشە بۆچی توانای فەرامۆشکردنم نییە.[2] نیچە بە زەبری "فەرامۆشی"یە، کە لەدژی دەستگای مێژوو ڕادەپەڕێت. لەلایەکەوە جەخت لە ڕەگەزی "خەیاڵ" دەکات و، خەیاڵپەروەری بە ڕسکێنەری کەشێک دەزانێت کە پاڵپشتی ژیانە، لەم سۆنگەوە دەکۆشێت تانە لە مێژوو و کەسانێک بدات، وا دەخوازن "خەیاڵ" لەناوبەرن. بە دیدی نیچە، مێژوو تەنیا گەر بتوانێت بە شێوەی بەرهەمێکی هونەریی خودانی خەیاڵ، گۆڕانکاریی لەخۆدا بکات، واتا قەڵافەتێکی تەواو هونەرییانە وەخۆ بگرێت، شێمانە دەکرێت کە بتوانێت "غەریزەکان" بپارێزێت و تەنانەت بیانوروژێنێت.[3]وی ڕایەڵەکانی نێوان مێژوو و ژیان، مێژووگەرایی و نامێژووگەرایی، لە سیاقی مەنزوومەیەکی بەریندا و بە بابەتی "ئەودیوی مێژوو" مشتوماڵیان دەکات و بە ترۆپکیان دەگەیەنێت. نیچە دەخوازێت بۆ ئەودیو و سەرووی مێژوو بپەڕێتەوە، چەشنی پەڕینەوە بۆ ئەودیوی چاکە و خراپە.[4]بە ڕوانینی نیچە، ژیان نەخۆشە و لەتاو "نەخۆشیی مێژوویی" دەتلێتەوە. زێدەڕۆیی لە مێژوودا، هێزە ڕسکێنەرەکانی ژیانی ڕامالیوە. بەڵام، نیچە بۆ دەوای "ئەم دەردەمێژووویی"یە، ئا ئەم "ژەهرە سامناکە"، ڕستێک دژەژەهر پێشنیار دەکات. لە کن وی، دژەژەهرەکان ناویان "ڕەگەزی مێژوویی"، "نامێژوویی" و "سەروومێژوویی"یە. مەبەستی نیچە لە دەستەواژەی "نامێژوویی"، "هونەر و توانستی فەرامۆشکردن و خۆبەستنەوە بە ئاسۆیەکی سنووردار"ە و مەبەست لە "سەروومێژوویی"یش، "ئەو هێزانەن وا دیدگا جێگیر دەکەن و لە گۆڕانی ڕادەگرن و بەرەو ئەو شتەی وەردەچەرخێنن کە خەسڵەتی پایەدار و ئەبەدیی بە "بوون" دەبەخشێت..."[5] بەرمەبنای ئەمە، "خودبوون" لە دەمی ئێستادا و "بەڵێکردن" بۆ خود،

---

[1] بەمانایەکی تر، لە کاتێکدا ژیان، چون بازنەیەکی مەزنی خولاوە لە تەوەرێکی ئەبەدییدا، بە تین‌وتاوی وزەیەکی لەبن نەهاتوو کە "ویستی هێز" ناواخنەکەیەتی، بەردەوامە و هەروەکو زەریایەکی تا نادیار کشاو، شەپۆل دەدات و هەمیشە و تاهەتایە هەمان بیچم و شێوەکانی "بوون" دەنوێنێتەوە و بەبێ غایەت و ترۆپک لە صەیروورەدایە، خۆخەریککردن بە مێژوو و کۆششی سیزیفانە بۆ لغاوکردنی ژیان لە سیاقی مێژوودا، یەکجار بێهوودە دەردەکەوێت. نیچەییانە بدوێین، مادامەکێ ژیان نەوای خۆی هەیە و بە سازی مێژوو هەڵناپەڕێت، کەواتە "لێگەڕێ خۆش دەگوزەرێت" و لە وەها ڕەوشێکدا، فەرامۆشی، نەک یادگە و یادەوەری، بەدەرد دەخوات و هەر بەم میکانیزمەش، ئادەمیزاد بە لووتکەی دەمی "ئێستا" دەگات و خۆ لە مۆمیاییبوون بەدەست دیرۆک دەپارێزێت، هەروەتر داهاتووش تێدەپەڕێنێت و نامێژووییانە ئەزموونی ژیان دەکات.

[2] همان. نیچە .ص:13-16:

[3] همان. نیچە .ص: 73-74 :

[4] شیاوی سەرنجدانە، "پێشەکیی فەلسەفەی ئایندە" ناوی لاوەکیی پەرتووکی "ئەودیوی چاکە و خرپە"ی نیچە یە.

[5] سودمندی و نا سودمندی تاریخ. نیچە. ص:117-118.

دەرسکێن. ئەمەیش ڕەوشێکە، دەکارێت بەسەر "خود_وێرانکردن" و "کێمایەسیی وجوود" و دەستلەخۆبەردان لەبەرانبەر ئەویتردا، زاڵببێت. بە دیدی نیچە، دەتوانرێت لە بێخوبنەوە مێژوو فەرامۆش بکرێت، وەلێ فەرامۆشی لای نیچە، بەمانای ڕاکردن لە "خۆ" نایەت. ڕاستییەکەی، یادەوەری سەر بە ڕەگەزی وجوودیی ڕابردووە، لە کاتێکدا ژیان لە دەمێ ئێستادا بەردەوامە. بۆ مرۆڤی نیچەیی، دواجار ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە لە بنەڕەتەوە "وجوود"ی ئەو چییە؟ تافی "زەمەن"ێکی ناتەواوە کە هەرگیز کامڵ نابێت؟ بۆ نیچە، ئەوە دەمی "ئێستا"یە لە چەقێکی ڕەنگ-تێرتردا هەڵکەوتووە. وی، نەک هەر دەخوازێت ڕابردوویەک وا هەڤدژی ئایندەیە، تێپەڕێنێت، بەڵکوو دەیهەوێت لە ئایندەش ئەولاتر بچێت سا بەڵکوو هەوارێک بۆ ژیان وەدۆزێت. ناوکی تێزەکەی نیچە ئەمەیە: ناکرێت ئامانجی مرۆڤایەتی لە دووتوێی "غایەت"دا بێت، بەڵکوو بڵندترین ئاست و توانستی "خۆد"ی مرۆڤ، ئامانجە. نیچە، **"**ئێستا**"** و **"**خود**"** بە تێهەڵکێشی یەکدی، وەک دەریچەی لێکدانەوەی ڕابردوو و ڕوانینە داهاتوو، جێکەوت دەکات. لە کن وی، **"**باڵاترین خاڵی بەهێزی دەمی "ئێستا"**"**، ئەوەیە **"**زۆرترین سوود لە ناوازەترین و بڵندترینی خەسڵەتەکانی "خود" ببینرێت**"** و تەنیا لەم ڕێگەوەیە، دەرفەتی لێکدانەوەی ڕابردوو دەڕەخسێت. لەلایەکیشەوە، بە دیدی وی، بە تەنێ ئەوانەی وا داهاتوو دەئافرێنن، مافی داوەرییکردنیان دەرهەق بە ڕابردوو هەیە و، ئاوها مافێکیش، تەنیا بە نسیبی ئەو دەستە لە ئافرێنەرانی ئایندە دەبێت، کە دەمی "ئێستا" دەناسن.

لە کن نیچە، تێپەڕاندنی ئایندە، بەمانای نکۆڵییکردن لە ئایندە نایەت. وی، بەڕوونیی دەنووسێت: **"**بە نۆڕین لە پێشەوە و دەستنیشانکردنی ئامانجێکی مەزن بۆ خود، دەتوانیت پێش بەو ڕەوشە بگریت وا دەمی هەنووکەی ئێوەی داپووکاندووە و لە بنەڕەتەوە هەرچەشنە ئارامیی و خەمڵیوی و گەشەیەکی ئاشتییانەی بۆ کاریی نەکردە گۆڕیوە.**"**[1] دەتوانرێت بگوترێت نیچە ئەمەی وەک تانەدان لە پێشڤەچوونی زادەی کولتورێکی مێژوویی گوتووە، کە خەمڵیویی و پێشکەوتنی "خود" و دەمی "ئێستا"ی بەهۆی ئایدیای "پێشڤەچوون"ەوە، وێران کردووە.[2] ئایدیایەک، کە بە بۆچوونی

---

[1] 24- همان. نیچە .ص: 72-70:

[2] پێشکەوتن،ئایدیای چەقی ناو فەلسەفەی مێژوو و میتافیزیکای مێژووییە. هەروەتر، دیدی هیگڵ بۆ مێژوو، لەسەر ئەم ئایدیای پێشڤەچوونە ڕۆنراوە. ئایدیاکە، مێژوو لە سیاقی زەمانمەندییەکی تۆکمەی ڕووبەرەو پێشەوە، جێکەوت دەکات. واتا، مێژوو ڕستێک قۆناغی یەکلەدوای‌یەکی ئامانجدارە، پەیوەندیی دیالەکتیکیی، داینەمۆکەیەتی،

نیچە، بەرژوەندیی لەوەدایە نەهێڵێت "ناپووختەکان" تێبگەن و پێبگەن، تاوەکو بتوانێت بەکاریان-بهێنێت.[1] لای نیچە، ئەوی وا مێژووی لە ژیان لا بەنرخترە، لە خەملیویی و کەماڵ وەڕسە. پێشڤەچوونێک بەم مانایە و داهاتوویەک کە لە سای دێوەزمەی مێژوودایە نەک لە تافی "ئێستا"دا، بۆ نیچە بێ لە خاپاندن و فریو هیچی تر نین. چمانێ قوربانیانی "غایەت" یان "پێشڤەچوون"، باڵندەگەلێکن، کە خاوەنەکانیان چاوانیان دەبەستن، تاکو سەرنجڕاکێشتر بخوێنن. ئاوهایی نیچە لەدژی پەروەردەی مێژوویی ڕادەپەڕێت. نیچە ئایدیا و سەرهەڵدانی **"**قوربانیان و کارگوزارانی مێژوو**"**[2] ڕەخنە دەکات و **"**چاخی کرێکارانی زێدە بەسوود بۆ کۆمەڵگە**"** دەکێشێتە مەیدانی ئاڵنگارییەوە؛ ئەو چاخەی وا **"**مرۆڤەکان تەنیا بەمەبستگەلێک کە زەمانە سەپاندوونی و دەبێت هاوکاربن، پەروەردە دەکرێن.**"**[3]

هەروەتر، نیچە لە (وەهای گوت زەردەشت)دا، دەوڵەتی نەتەوەیی بە **"**ساردوسڕترینی ناو هەموو دڕندە ساردوسڕەکان**"** دەزانێت، بتێکی تازە[4]، کە هەمووان بە پەرستنی خۆی ناچار دەکات و لە زارییەوە ئەم درۆیە دەپرژێنێت: **"**من دەوڵەتی خەڵکم.**"**[5] وەها دەوڵەتێک، کە لە چێوەی دەستگای فەلسەفەی مێژوودا، ئارمانج(غایەت)ی دیرۆک و بەدیهاتنی خودئاگایی و پووختەترین شێوازی ئازادییە، دەوڵەتێک وا ئامانجی بنجبڕی بەرجەستەکردنی مێژووییە و، بەمجۆرەیش تاکەکان لە سیاقی مێژووی جیهاندا و بە زەبری حوکمێکی گشتیی، لەژێر کاتیگۆریی "ئامراز"دا پۆلێندەکات.

---

عەقڵ هەنگاوبەهەنگاو لە سیاقی ئەو قۆناغانەدا خۆی پیادە دەکات و ڕووبەرەو پێشەوە دەڕوات تا بە غایەتی خۆی دەگات. لێ مرۆڤی "نامێژوویی"، یان مرۆڤی نیچەیی، وەکچۆن خۆی بۆ سەرەوەی چاکە و خراپە هەڵکێشاوە و تێپەڕاندوون، ئاوهاییش خۆی لەم ئایدیایە بواردووە، کە هەم داپووکێنەری "خود"ە و هەم وێرانکەری دەمی "ئێستا"یشە. ئاخر ئامانج لای مرۆڤی نامێژوویی، بریتییە لەوەی تا ئەوپەڕی ئیمکان، توانست و خەسڵەتە فەردیی و ناوازەکانی لەدەمی ئێستادا وەگەڕبخات. بەمەش نەک هەر "خود" دەخەمڵێت، بگرە نەفیی غایەت و ئامانجی مەزنیش دەکرێت. وەها مرۆڤێک بە تەنیا نکۆڵی لە غایەتی مێژوو ناکات، بەڵکوو نکۆڵی لەو داهاتووەش دەکات، کە بە گوێرەی پێودانگەکانی ڕابردوو دەستنیشان کراوە. ئەم مرۆڤە، بەخستنەگەڕی بەهرەکانی "خودی خەملیو"، ئایندەیەکی نوێ و جیاواز و پێشبینییەنەکراو دەئافرێنێت(و).

[1] ناپووختەکان، دەستەواژەی نیچەیە و لەبەرانبەر ئەو دەربڕینەی هیگڵدا نووسیویەتی، کە هەموو شتێک دەئاخنێتە ناو "گشت" و بابەتی "هەمەکیی"یەوە.

[2] نگاه کنید بە هگل. عقل در تاریخ

[3] همان .نیچە .ص: 77

3. Von neuen Gotzen.

[5] سودمندی و نا سودمندی تاریخ. نیچە . ص: 81.

کرۆکی هۆکاری هەڵشاخانی نیچە بە هیگڵدا، جیا لە مێملیی وی لەگەڵ هەرچەشنە پرەنسیپێکی میتافیزیکیی باڵادەست بەسەر جیهان و میتافیزیکی مێژوویی و لاهووتی خافڵێنەر[1]، بریتییە لە دژایەتیی بیری "پێشڤەچوون"، کە بە دیدی ئێمە، ئەم بیرە، داینەمۆی دەستگای هیگڵییە و لە میانی ئەم دەستگایەوە، بە ترۆپکی خۆی دەگات. نیچە دەنووسێت: "ئێمەی ئەڵمانیی، هیگڵییانە هەڵکەوتووین، تەنانەت گەر هەرگیز هیگڵێکیش لە ئارادا نەبوایە؛ ئاخر ئێمەومانان بەرمەبنای غەریزە، مانایەکی قووڵتر و بەهایەکی باڵاتر دەدەینەپاڵ "پەرەسەندن" وەک لەوەی کە هەیە."[2] نیچە بەڕوونیی نکۆڵی لە بیری پێشڤەچوون دەکات و بەر تانەی دەدات. بۆ وی، هەموو شتێک جۆرە "ئێستا"یەکی بانمێژووییە، کە دەبێت مرۆڤی بانمێژوویی هەر بەو جۆرە تێیاندا بژیت. "مرۆڤی بانمێژوویی کە لە "پرۆسێس"دا ڕزگاریی نابینێت، لە کن وی، جیهان تاڕادەیەک پووخت و کامڵە و لە هەر چرکەیەکدا ئامانجی خۆی دەپێکێت... مرۆڤە بانمێژووییەکان.. بەپێچەوانەی گشت میتۆدە مێژووییەکانی ڕوانین لە ڕابردوو، تێکڕا لەسەر ئەم بابەتە کۆکن: ڕابردوو و ئێستا، یەکپارچە و چوونیەکن، واتا لەگەڵ هەمەڕەنگیی زۆروزەبەندیاندا، هێشتا لێکدەچن و چەشنی وجوودی گشت ڕەگەز و جۆرە فانییەکان، لە هەموو شوێنکاتێکدان، وەکوو پێکهاتەیەکی بێخداکوتاو لە بەهای نەگۆڕ و خودانی مانای یەکسانی تاهەتاییین"[3] نیچە، بە بیری "گەڕانەوەی هەمیشەیی"، بێئاڕاستەیی مێژوو بە ژیانەوە دەبەستێتەوە و، بە شێوازیکی ڕوون نەبوونی ئاڕاستە لە مێژوودا، لە چێوەی بیری "گەڕانەوەی هەمیشەیی"ی خۆیدا دەنوێنێتەوە. گەڕانەوەی هەمیشەیی، بیرێکە، ناوازەترین ڕێسای بەڵێکردنە بۆ ژیان. نیچە وای بۆ دەچێت گەر بڵێین جیهان هەرگیز خۆی پاتە ناکاتەوە، بەڵکوو هەمیشە شێوەگەلی نوێ دەئافرێنێت، ئەوا ئەم گوتەیە ئاماژەی تامەزرۆییە بۆ چەمکی خودا. ئاخر بەپێی ئەم دیدە، خودی جیهان لە چەمکی خودای ئافرێنەر هەڵکێشراوە. تیۆری "گەڕانەوەی هەمیشەیی" بەر بەم هەڵکێشانە دەگرێت. هەروەتر ئەم تیۆرە، ئایدیای نەمریی و ژیانی تاهەتایی لە دونیاکەی تر نەفیی دەکات، بە واتایەکی تر: "تیۆری گەڕانەوەی هەمیشەیی، دەرخەری ویستی بێ ئەملاولای

---

[1] نیچە، هیگڵ بە تیۆلۆجیست(Theologian)ێکی خاپێنەر و تەڵەکەباز دەزانێت.

[2] نیچە . بە نقل از کارل لوویت.

[3] سودمندی و ناسودمندی تاریخ. نیچە.ص:23.

نیچەیە لەسەر مانەوە لە چێوەی ئەم دونیادا (لەملا مانەوە[1])"[2]. ئەم تیۆرە، تیۆری بەڵێ‌کردنی ئادمیزادە بۆ جیهان، ژیان و ئێستا.

ئەوی نەتوانێت لەسەر لووتکەی "ئێستا" بوەستێت و بە پێش‌وپاش‌دا بکەوێت، بەختەوەر یان ڕزگاری نابێت: "ئەو کەسەی نەتوانێت لەسەر لێواری چرکەساتی داماڵدراو لە ڕابردوو بوەستێت، ئەوێ کەسێ نەتوانێت چون خوداوەندێکی سەرکەوتوو لەسەر ترۆپک بەبێ ترس و سەرەگێژە ڕاوەستێت، هەرگیز تامی خۆشبەختی ناکات و لەوەش خراپتر، لە بەختەوەرکردنی ئەوانیتردا، سەرکەوتوو نابێت." نیچە دەنووسێت: "زۆرینەی ئادەمیزادەکان باوەڕیان بە فاڵگر و ئەستێرەناسان هەبوو و لەم سۆنگەوە وا گومانیان دەبرد: هەموو شتێک چارەنووسە! تۆ دەبێت وا بیت، چونکە ناچاری!" و دواتر وایان گومان کرد کە "هەموو شتێک ئازادییە: تۆ دەتوانیت، چونکە دەتهەوێت!" لەبەرانبەر ئەمانەدا، نیچە مەبەستی بوو، ویستی تاک بە یاساکانی جیهان و ژیانەوە ببەستێتەوە. ئەوە بۆیە وی، وانەی "ڕزگاری"ی خۆی هەڵاوێرد دەکات.[3] دواجار تیۆری "بوون و کات"ی نیچە، بەیەکجاری "زەمەن" تێدەپەڕێنێت و سەرووتر دەڕوات، "سەرووتر لە مرۆڤ و کات"، نیچە دەکۆشێت لە "واقعییەتی گشتەکیی مرۆڤ" و "کات" ئەولاتر بچێت و وێرانەی دونیای مۆدێرن تێپەڕێنێت.[4] تیۆری "ویستی هێز"ی ویش، تێگەییشتنێکە لە جیهان، نەک پرەنسیپێکی میتافیزیکیی باڵاتر لە جیهان. وەک بڵێیت نیچە "ویستی ژیان"ی شۆپنهاوەر دەگۆڕێت بە "ویستی هێز"[5]، سا بەڵکوو لەمیاندا "ژیان" و "هێز" ببن بە یەک.

ڕاستییەکەی، نیچە بەم چەشنە ئایدیانەوە، مەبەستی ئەوەی لەسەردایە، حیسابی خۆی لەگەڵ ئاگاییی مێژوویی و فەلسەفەی مێژوودا بەلادا بخات. ئەو فەلسەفەی مێژووەی وا هیگڵ گەیاندییە لووتکە و ئەمێستاکەش نیچە ڕەخنەی بنەڕەتیی لێ دەگرێت. نیچە لەمسەر تا

---

1. Gegenseitigkeit.

[2] کاپلتسون. جلد 7 . ص: 405.

[3] از هگل تا نیچە. کارل لوویت. ص: 280 ن.ک :

[4] ن.ک: از هگل تا نیچە. کارل لوویت . 269-286

[5] کاپلستون. جلد 7. ص: 397

ئەوسەری (سوود و زیانی مێژوو)دا، مێژووی هیگڵ و دەستگا و ڕوانینی هیگڵی تانەباران دەکات.

نیچە، تێگەییشتنی مێژوویی، کە دەکۆشێت مێژوو قۆناغبەند بکات، لە قۆناغبەندیی تیۆلۆژیکی ئۆگۆستینیی و یواخیمییەوە[1] بیگرە تا دەگات بە بۆکهارت کە چاوی لەسەر قۆناغە کولتورییەکان بوو، بەر ڕەخنە دەدات و، لەم سۆنگەوە هەڵەی ئاگاییی مێژوویی و هەڵەکانی فەلسەفەی مێژوو دەژمێرێت. لە لایەکەوە، نیچە قسە لە قۆناغی **"**گەنجی**"**ی مرۆڤایەتی و پاشان کۆتاییی ئەم قۆناغە بە **"**پیری**"**، بە هەڵۆڵ و بێبەها دەزانێت و دەنووسێت: **"**داخۆ ئەم باوەڕە ئیفیلجکەرەی گوایە ڕەگەزی مرۆیی ئەمێستاکە بە قۆناغی پیری گەییشتووە، خاوەنی ئەم هەڵەتێگەییشتنەی میراتی سەدەکانی ناوین و چەمکی لاهووتناسانی مەسیحیی نییە، ئەوەی گوایە کۆتاییی دونیا نزیکە و ڕۆژی "هەستانەوە" هاکا گەییشت؟ ئایا ئەم تێگەییشتنە، بەجۆرێک لە جۆرەکان زەروورەتی جەخت لێکراوی مێژوویی بۆ حوکمدان و داوەرییکردن نانوێنێتەوە؟ وەک بڵێی سەردەمی ئێمە، واتا کۆتا سەردەمی مومکین، دیسان دەتوانێت خودانی هەلومەرجی هەڵایسانی قیامەتی ڕابردوو بێت**"**[2] وی دەکارێت مێژوو لە وەهم دابماڵێت و بە بیری بان-مێژوویی، مکوڕانە جەخت لە ڕەخنەکردنی کولتوری مێژوویی بکاتەوە.

لە کن نیچە، زانا و هونەرمەند و قەشە و سیاسەتمەدار، هەموویان لە قافڵە بەجێماو و دەست-وپێ سپیین. لە (وەهای گوت زەڕدەشت)دا، زەڕدەشتی نیچە، یەک بەدوای یەک لەگەڵ دوو پادشا، زانایەک، جادووگەرێک، دواهەمین پاپای مەزن، دەرۆزەکەرێکی خۆپەرست و سەرئەنجام سێبەرەکەی خۆیدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. هەرتک پادشا، کە شانیان داوەتە ژێر ئایدیاڵگەلی یەکسان، لە دەسەڵات و **"**ڕێوڕەسم**"**ێک وا لە ژیانی مۆدێرندا باوە، ماندوون. یارۆی زانا، بەهۆی سەختکۆشیی پڕ لە ڕاڕایی و گیانی پۆستیڤیزمەوە، لاقی بووە بە داوی گەمژەییی پسپۆڕییەوە. کابرای هونەرمەند، ئەوەی پێی بگوترێت باوەڕ و ڕەسەنایەتی، لەودا نییە و ڕۆڵێکی میکانیکییانە

---

[1] یواخیم فیۆرە (Joachim Fiore)، "ڕۆژی حەوتەم"ی وا لە کن ئۆگۆستین وەک ڕۆژی پووخت و تەواو و دەرەمێژوو ئەژمار دەکرا، هێنایەوە ناو مێژوو و هەوەتر، قەومانی ئەو ڕۆژەی بە نزیک دەزانی.

[2] 83.84 سودمندی و نا سودمندی.

وازی دەکات و، کۆتا پاپیش کە بۆ مەرگی خودا بەداخە، هێشتاکانێ خەریکی مۆچیاری و فەربەخشینە.[1] بەر مەبەنای ئەمە، دەسەڵاتی سیاسی، زانست، هونەر و ئایین، واتا گشت ڕەهەندەکانی کولتوری مرۆیی، وا مرۆڤ بەگشتیی و مرۆڤی سەدەی نۆزدە بەتایبەتیی ئەم هەمووە پێیانەوە دەنازێت، لەو سەروەختەوە "خودا مردووە"، ئیتر لە کن ئادەمیزاد بێهوودە، داهێزراو، بێ‌گیان، ناواقیعی و لە گشت بەهایەک داماڵدراون، کەچی هێشتاکانێ هەر بەگوێرەیان ڕەفتار دەکەن. پاش مەرگی خودا، مرۆڤە بڵندنشینەکان، وەدووی خۆشبەختییەکدا کە ئیتر دەزانن ئەو "دونیایی" نییە، پووچگەرایانە لەم دونیا پرس‌وجۆ دەکەن. ئەمە دەرۆزەکەرێکی خۆپەرست، کە زەڕدەشت دەیبینێت، بە ئێمەی دەڵێت. ئەو دەرۆزەکەرە، ئادەمیزادەکان بە بوونەوەرانێک دەزانێت، کە ڕابردوو دووبارە دەکەنەوە، هازی هەرسکردنیان لێ‌بڕاوە و چون مانگا بەردەوام کاوێژ دەکەن.[2] نیچە لە (تێڕامانە ناوەختەکان)یش‌دا دەنووسێت هەرکەس هەموو بابەتێک بە یادگەی دیرۆکییەوە لەبەرچاو بگرێت، وەکوو ئاژەڵێک وایە کە "تەنیا بە کاوێژکردن و دیسان کاوێژکردن" ژیان بەسەر بەرێت. بۆ وی، مێژوو ڕووشێنەر و داخوڕمێنەری کۆمەڵگە و کولتورە؛ "لە هەندێک بێخەوییدا، کاوێژکردنێک بەمانا مێژووییەکەی بوونی هەیە، زیان بە هەرچ بوونەوەرێکی زیندوو دەگەیەنێت و دواجار دایدەوەشێنێت، ئیتر ئەو بوونەوەرە ئادەمیزاد بێت، یان دەستەیەک لە ئادەمیزادەکان یاخۆ کولتورێک بێت." بەدیوێکی تریشدا، فاکتەری مێژوویيش بۆ ساغلەمیی تاکێک، یان گەلێک یاخۆ کولتورێک، پێویستە.[3] بەڵام دواجار بە دیدی نیچە، بەبێ پۆشاکی "توخمی نامێژوویی"، ئادەمیزاد هەرگیز بوێریی دەستپێکردنی نەبووە و نییە، "کوا ئەو کردارانەی وا مرۆڤ بەبێ ئەوەی سەرەتا چووبێتە ناو تەمومژی فاکتەری نامێژووییەوە، توانیبێتی ئەنجامیان بدات؟" لە کن نیچە، هۆکاری نامێژوویی، مێژووی بزواندووە و دەیبزوێنێت، نەک هۆکاری مێژوویی کە هیگڵ وای بۆ دەچوو. لای نیچە، "ڕەوشی نامێژوویی" یان ""ڕەشی تەواو دژە مێژوویی"، لانکەی هەر کردارێکی پەسندراوە و "هیچ نەتەوەیەک سەرەتا بەبێ خواستنی

---

[1] ن.ک : چنین گفت زردشت. فریدریش نیچە.

[2] ن.ک: چنین گفت زردشت. فریدریش نیچە و زردشتِ نیچە. پیر ابر–سوفرن. بهروز صفدری. ص: 155-159.

[3] ڕستەکەی نیچە کتومت ئاوهایە: "فاکتەری مێژوویی و نامێژوویی بەیەک ئەندازە بۆ ساغلەمیی تاکێک، نەتەوەیەک و کولتورێک پێویستن" (سودمندی و نا سودمندی تاریخ ص:19). وەلێ نیچە دەستەواژەی "بەیەک ئەندازە"ی وەک بڵێی تەنیا چون پێشەکییەک نووسیوە، ئاخر لە پەڕەکانی دواتردا دەیبینین مکوڕانە جەخت لەوە دەکات کە فاکتەری نامێژوویی لە فاکتەری مێژوویی، گرنگتر و لەپێشترە.

ئەم کردەوە ستایش‌کراوانە بە گیانێکی نامێژووییەوە، نەیتوانیوە سەرکەوتووانە وێنای خۆی، سەرکەوتن یان ئازادی بنەخشێنێت"[1] هەروەتر، نیچە ئەو پرەنسیپە هیگڵییەش، گوایە "ئایدیا باڵادەستە"، بەر تانەوتەشەر و گەپچارِیی دەدات: "گەر هەر سەرکەوتنێک لە هەناوی خۆیدا زەرووەرەتێکی لۆژیکیی هەبێت و گەر هەر پێشهاتێک بە باڵادەستیی و سەرکەوتنی لۆژیک یان ئایدیا ئەژمار بکرێت، کەواتە بەلەز بن و بکەونە سەر ئەژنۆ و بەسەر پێ‌پلیکەی سەرکەوتندا هەڵگەڕێن و داگەڕێن. تەنیا ئەوەندە بەسە چاو لە ئایینی دەسەڵاتی مێژوویی بکەن"[2] لای نیچە "مەزنێتی، بەگوێرەی سەرکەوتن ناپوێرێت."[3]

نیچەیش هەروەک بۆکهارت، سەدەی نۆزدەهەمی لە سای خواستێکی سەرتاپاگیر بۆ تاودان و پێشخستنی ئاستی "میان مایەیی یەکدەست و یەکپارچە" کە دوژمنی خەملیویی و پێگەییوییە و دەوڵەتی نەتەوەیی پەروەرێنێتی، دەبینی. گەرچی وی چاوی لە "مرۆڤی باڵا"یە، لێ لە کن نیچە، ئەم "مرۆڤی باڵا"یە لە دووتوێی غایەتی مێژوو و غایەتی جیهاندا نییە. ئەو دیدگایە، واتا ئەوەی گوایە سەرهەڵدانی ئەو هێزە پەنهانە وێرانکەرەی، وا هەڵقولاوی "میان مایەیی"ی گشتگیری کارتێکراوە لەلایەن دەوڵەتی نەتەوەییەوە و، ئەم هێزەش ڕێ بۆ پەیدابوونی جۆرێکی باڵاتری ئادەمیزاد خۆش‌دەکات، دیدگایەکە، لەخۆگری نۆڕینێکی بان‌مێژووییە[4] و پێچەوانەی ئەو جۆرە ڕەوایەتییدانەیە کە هیگڵ وەک "خۆنواندنی ئایدیا"، بە دەمی "ئێستا"ی دەبەخشێت و لەخۆگری نۆڕینە لەو بەهایانەی لە هەلومەرجی مێژوویی هەنووکەوە هەڵدەگۆزرێن.

لە لایەوەکەوە، مەیدانبازیی نیچە لەگەڵ هیگڵێکدایە، کە مێژووی وەک جێگرەوەی ئایین لە داهاتوودا دەبینی.[5] هیگڵ بەرجەستەبوونی مەسیحی بە ئاشتیی یەکجارەکیی هەتاهەتاییی

---

1

2 سودمندی و ناسودمندی تاریخ. نیچە.ص:17- 21.

3 سودمندی و نا سودمندی تاریخ . نیچە. ص:106.

4 Suprs-Historical، لە وەرگێڕانەکەی داریوشی ئاشووریدا، بە "زبر تاریخی"(باڵا یان سەروو یاخۆ ژوور مێژوو) هاتووە.

2. On Hegel’s influence on H.Taine ,VII,2225.

مرۆڤ و ماهیەتێکی خودایی دەزانی؛ بەڵام بە دیدی نیچە، ئەم پرسە بەو مانایە دێت مرۆڤ لە سرووشتی ڕاستینی خۆی دابڕاوە.[1]

لە کن نیچە "مەزنترین ڕووداوی ئەم دواییانە... ئەوەیە کە خودا مردووە."[2] بە مەرگی خودا، ئەم جیهانە بۆ نیچە دەبێت بە ڕاستیی و دونیاکەی دیکەیش دەمرێت؛ "خودا هاوکێشەیەکە بۆ هەڵبەستنی هەر چەشنە تۆمەتێک بۆ ئەم جیهانە و هۆنینەوەی هەموو جۆرە درۆیەک دەربارەی جیهانی سەروو ئەم جیهانە"؛ بۆ نیچە، پشتکردنە خودا، یەکسانە بە ڕووکردنە ژیان، ئاخر "بە خوداوە بانگی جەنگ لەگەڵ ژیان، سرووشت و ویستی ژیان دراوە."[3] نیچە ئەو گومانەی، گوایە لە نێوان خودای مەسیحی و پەسەندکردنی پێودانگە ئاکارییەکان و بەهاکانی مەسیحییدا هیچ ڕایەڵێکی زەرووری لەئارادا نییە و دەتوانرێت ئەو پێودانگ و بەهایانە کەموزۆر بە دەستلێنەدراوی بهێڵرێنەوە، وەلێ ئەم خودایە فڕێبدرێت، ڕەتدەکاتەوە. بە بۆچوونی وی، بینەری گەشەی شێوازەیلی سیکۆلاریزەکراو[4]ی مەسیحییەتین، وەک دیمۆکراسی یان سۆشیالیزم و دەوڵەتە نەتەوەییەکان، کە لە هەوڵدان بەشێکی مەزن لە سیستەمی ئاکاریی مەسیحی بێ بنیاتە لاهووتییەکەی، گلبدەنەوە. نیچە لە بێخوبن وەها ڕوانینێک بۆ مێژوو وەک بلێی توخمو وەچەی[5] وەچەی[5] مەسیحییەت بێت، ڕەت دەکاتەوە. وەلێ بەدیوێکدا ئەم مێملییە لەگەڵ مەسیحییەتدا، بەشێکە لە دوژمنایەتیی گشتیی وی لەگەڵ باوەڕ و فەلسەفەگەلی چون "ئایدیالیزم"ی میتافیزکی و هەرچەشنە پرەنسیپێکی باڵادەست بەسەر جیهانەوە کە مانا، ئاڕاستە یان ئامانجێکی جیا لەوەی وا مرۆڤ ئازادانە دایدەتاشێت، دەداتەپاڵ جیهان و ژیان و مێژوو. نیچە بەوەشدا کە دژە ئەفلاتوون و دژە مەسیحە، دژە هیگڵیشە. ئاخر دواجار هزری هیگڵ، ترۆپک و

---

[1] از هگل تا نیچە.کارل لوویت.ص:269.

[2] نیچە . بە نقل از : On Hegel’s influence on H.Taine.

[3] نیچە. بە نقل از لوویت.

نیچە باوەڕی وایە ڕۆشنگەری و فەلسەفەی مێژوو، لە مەسیحییەت و خودای مەسیحییەتەوە هەڵگۆزراون و چەمکەکانی فەلسەفەی مێژوو و فەلسەفەی هیگڵ و کانت و فیختە، چەمکگەلێکن، لە مەسیحییەتەوە هەڵهێنجراون. بۆ نموونە بە فەلسەفەی دیکارت، بانگی جەنگ لە دژی سرووشت و ویستی ژیان دراوە.

6. Secularized.

[5] بەتکا بنۆڕنە فەرهەنگی دێهخودا. کەموزۆر هاوواتای ڕەچەڵەکە، وەلێ "ڕەچەڵەک" لە فەلسەفەدا مانای تر وەخۆ دەگرێت، بۆیەش "زاد و رود"(وەچە، تۆرەمە، زان و بنچەک دانان و نەژاد خستنەوە...) واژەیەکی وردترە. هەروەتر، ئەم واژەیە لە وەرگێڕانەکەی داریوشی ئاشوورییشدا بەکاربراوە.

کۆتایی و گشتێنەری ئەم نەریتەیە. دونیایەک کە لە هەناوی تیشکی هەست پێ نەکراویدا، بەر هەست ناکەوێت. دونیایەک، کە تێیدا ژیان لەژێر سیاقی دونیای سەرووژین و لە سای سێبەری ویدایە. نیچە بۆ سەر هەرچەشنە دیدگایەکی "غایەتبین" لەئاست جیهاندا، هرووژم دەبات و، ئایدیالیزمی ئەڵمانیی بە بیچمێکی دەمامکپۆشی مەسیحییەت دەزانێت. ئەو مەسیحییەتەی وا درێژکراوەی نەریتی ئەفلاتوونییە. لە کن نیچە، "ئەوی لە ئادەمیزاددا مەزنە، پردبوونە نەک ئارمانج.[1]" ڕەتکردنەوەی هەرچەشەنە پرەنسیپێکی میتافیزیکیی باڵادەست بەسەر جیهانەوە، چ سەرگەورەی ناو جۆرەکانی هزری ئەفلاتوونیی بێت، چ مێژووی هیگڵیی و، ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ئافراندێکی مەبەستدارانەی جیهان بە دەستی خودا یان ڕەتکردنەوەی "خۆنواندنی ئایدیا" یان "ڕۆحی ڕەها" بەسەر ئاسۆی جیهانەوە، لە کن نیچە، لەو سۆنگەوەیە کە مرۆڤ ئازادە هەر مانایەکی دەوێت، بە ژیانی ببەخشێت. مرۆڤێکی ئازاد کە بەڵێ بۆ ژیان دەکات، ژیان کە هێزی باڵادەست و بڵندی بێئەملاولایە.

---

[1] چنین گفت زردشت. نیچە ..

* تاڕادەیەک هەمووومان بەچەند شێوازێک بەسەرهاتی گۆلکەکەی سامری و گەلی ئیسرائیلمان بیستووە. بەسەرهاتەکە لە پەرتووکی دووهەمی عەهدی عەتیق، "سفر الخروج"(שְׁמוֹת)دا هەیە. ئەوی وا گوایە پەیامبەر مووسا بەمەبەستی وەرگرتنی تۆمارە بەردینەکانی ڕێساکانی (یەهوە)، دەکەوێتە کەژوکێوان و گەل و هۆز لە کن هاروونی برای بەجێ‌دەهێڵێت. دەگوترێت مووسا لەم گەشتەیدا درەنگی کردووە و گەلی ئیسرائیلیش لەتاو ئەمە وەڕس بوون. وەڕسییان (یەهوە)یان لەبیر دەباتەوە و خوازیاری جێگرەوەیەکی نوێ دەبن. گوایە سامریی ناوێک لە خشڵ و زێڕی ئیسرائیلییەکان، گۆلکێک دەسازێنێت و هەمووان ئەم بتە تازەیە وەک جێگروەی یەهوە دەپەرەستن! مووسا کە دێتەوە چ دەبینێت وا خزمان ورووکاونەتە گۆلکێکەوە و دەیپەرەستن! سەرئەنجامی کار، هاروون بەر توڕەیی و سامریی بەر نەفرەتی مووسا دەکەون. سامریی دوور دەخرێتەوە و نەفرینی یەهوای بە نسیب دەبێت. لێرەدا نیچە، مێژوو بەم گۆلکە ساختەیە دەچوێنێت و لەبەرانبەردا، ژیان وەک هێزێکی باڵادەست و پڕ تین و تاو وێنا دەکات. بە دیدی وی، مێژووگەرایان و تامەزرۆییانی فەلسەفەی مێژوو و لە نێویاندا سەرگەورەکەیان، واتا هیگڵ، بەدەردی گەلی ئیسرائیل چوون و لەبری یەهوای ڕاستین، کە "ژیان"ە، ئاڵاونەتە گۆلکەکەی سامرییەوە کە "مێژوو"ە.